# ئێواره یه ک به ر له دوو هه زار و شه ش

نامۆ سامان

هێنده ی فرۆشتنی کیلۆیه ک گه نم به تمه ن
هێنده ی ئارایشی نیشتیمانی به درۆ
ساڵێک لێم نزیک بۆته وه
ساڵێک که تۆم نایه نێته یاد
ئۆی خوایه ئه م ساڵ ئاسووده بووم له خاڵی شته کان
ئه م ساڵ سه رقاڵی خاڵی کردنه وه ی خۆڵی ماڵه که م بووم له فیتنه
سه رقاڵی سرینی په نجه ره کانی ئه شق بووم له وه هم
تۆزی دوودڵی هه موو جه سته می ڕنی بوو
ئۆی خوایه ئه م ساڵ له تاو پرته و بۆڵه ی  ژنان و
شه رمی گوڵه ئه ستێره و
نیشتمانیکی دۆڕاودا
به پێوه خه و ده بیردمه وه
ساڵێک که درۆ تیایه سه روه رو
وه رزه کان تیایه درۆزن
هێنده ی په نجه کانی ده ستم
ساڵیک پڕ به پیریم لێم نزیکبۆته وه
هێنده ی له پێی کردنی پێڵاوه کانم
که سێک ده یه وێت بڵێ
ساڵی نوێت پیرۆز
من په نجه کانم به قه یتانه کانمه وه گرێداوه
ده مه وێت ئیتر به شداری له کوشتنی
که له سمه کانی نیشتیمان و
ده ستم نه چێته خوێنی ئه ستێره کان و
له گه ڵ جه لاده کاندا ئیتر
ئێواره کان سوور نه که م
ئه م خاکه له ته نه که ی خۆڵ ده چێت
پڕه له کوشتنی ده نگه کان
پڕه له ووتی ووتی  پیاوه بوده ڵه کان
پڕه له خیانه ت
پڕه له دۆراندن
ساڵێک که پێم ده ڵی هه رئێستاکه ماچێکی
ئه و کچه بکه که خۆشده وێت
ئه گینا به خته وه ری ماناى گه مژه ییه بۆ ئاینده